نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی لە کۆژرانی چەند ئەفسەرێک لە پارێزگای کەرکووک دەکات

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی ئەمڕۆ یەکشەممە 17ی تشرینی دووەم لە هاگیەندراوەکدا بەهاویکردەوە، سەرەخۆشی ئاراستەی خێزان و کەسوکاری شەهیدانی ئەمنی کردەوە تیرۆرستییەکەی سنووری خورماتوو دەکەم کە لەکاتی ئەرکدا و لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبیلی لیوایەکی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا، سێ پلەدار شەهید بوون.

بارزانی دەشێت: ئێم کردەوە تیرۆریستییە ئێوە دەسەلمێنێت کە تیرۆر هێشتا مەترسییەکی هاستقینە بە سەر ئارامی و سەقامگیری عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بگشتی و مانی هاوڵاتیان بە تایبەتی لە ناوچەکانی ماددەی 140 دروستدەکات.

نێچیرڤان بارزانی جەختی لە پێویستی بەردەوامبوون لە بەهێزکردنی هەماهەنگی و هاوکاری هاوبەشی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق و هێزەکانی هاوپێیمانی نێودەوڵەتی، بە بەرنگاربوونەوە و تێکشکاندنی تیرۆریستان کردەوە.

زیاتر: سەرچاوەیەکی ئەمنی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە 17ی تشرینی دووەمی 2024 ڕایگەیاند، کە لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبی چێندراو لە باشووری پارێزگای کەرکووک 6 ئەفسەری سووپای عێراق کوژراون و بریندار بوون.

بەگوێرەی زانیارییە سەرتاییەکان، بۆمبێکی چێندراو لێنزیک یەکێک لە بیرە نەوتەکانی ناوچەی پێلکانەی سەر بە قەزای دوزخورماتوو لە باشووری پارێزگای کەرکووک تەقیوەتەوە، هەروەها زانیارییە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە دوو ئەفسەر بە پلەی عەقید و ئەفسەرێکی تری سوپای عێراق گیانیان لەدەستدا، جگە لە بریندار بوونی 3 ئەفسەری دیکە.